# Shivan Perwer's Folk Ballad "Bêje Heval Bêje" (Say, Friend, Say) in the Relationship Between Language, Musical Language, and Music

Mizgin. A. Ahmad[1], Hemin M. Abdullah[2]
Salahaddin university

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2692.09*

*Published: 5/4/2026*

## *Abstract*

*Music and language are like two sides of the same coin, complementary to each other in the phenomenon called life. Life in all its aspects is connected to language and music, whether it's natural life or the life of humans and animals. Music, as a communication system, is similar to language and resembles it, especially in many aspects where sound is a type of language, or language phenomena are somewhat equivalent to musical phenomena. Music itself is built on the foundation of sound, therefore language and music are subjects that are interrelated and dependent on each other. In this research, we have attempted to demonstrate this strong connection through an example of a Kurdish artist's (Şivan Perwer) maqam, showing how music, alongside language, creates spiritual, intellectual, and reactive effects in the human psyche. Just as speech acts exist in language and are directed from the speaker to the listener, we can similarly say that musical acts exist and, alongside language, create feelings, emotions, and stimulation in the listener's psyche. This research was conducted using a descriptive-analytical approach. For musical analysis, it draws on the theory of Jan C. La Rue, and for linguistic analysis, it utilizes cognitive linguistics theories. The study attempts to discuss language, musical language, and Şivan Perwer's music, which connects listeners through the speaker's voice (language), the musicality of language, music, sound imagery, natural imagery in the mind and intellect, and creates prototype meanings and cognitive concepts for the listener.*

***Keyword**: Musical Language, Cognitive Linguistics, Lawik and Heyran*

# لاوک- بەستەی (بێژە هەڤال بێژە)ی شڤان پەروەر لە نێوان زمان و زمانی مۆسیقی و موزیکدا

**پ.ی.د. مزگین عەبدورەحمان ئەحمەد**
mizgin.abdurahman@su.edu.krd
**م.ی. هێمن محمد عبدالله**
hemn.abdullah@su.edu.krd
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی- بەشی کوردی

**پوختە**

مۆسیقا و زمان وەک دوو ڕووی یەک دراو تەواوکەری یەکترن لەو دیاردەیەی پێی دەوترێت ژیان، ژیانیش بە هەموو ڕوویەکەوە بە زمان و مۆسیقاوە پەیوەستە، جا چ ژیانی سروشتی بێت یا ژیانی مرۆڤ و گیانداران. مۆسیقا وەک پەرگال(سیستەم)ێکی پەیوەندی، هاوشێوەی زمانە و بە زمان دەچێت، بە تایبەتی لە گەلێک بابەتی کە دەنگ جۆرێکە لە زمان، یان دیاردەکانی زمانی تا ڕادەیەک لەگەڵ دیاردە مۆسیقاییەکان هاوسەنگ و یەکسانن. مۆسیقا خۆی لە سەر بنەڕەتی دەنگ بیناتنراوە، بۆیە زمان و مۆسیقا بابەتێکن کە هاوکوف و وابەستەی یەکترن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دراوە، بە نمونەی مەقامێکی هونەرمەندی کورد (شڤان پەروەر) ئەم پەیوەندییە بەتینە بە دیار بخەین، کە چۆن مۆسیقا هاوشان لەگەڵ زمان، کاریگەری ڕۆحی و هزری و پەچەکردار لە ناخی مرۆڤدا دروست دەکات، یا بە هەمان شێوەی کە کردەی قسەیی لە زماندا هەیە و لە لایەن قسەکەرەوە ئاراستەی گوێگر دەکرێت، بە هەمان شێوە دەکرێت بڵێین، کردەی مۆسیقیش هەیە و هاوشان لەگەڵ زمان هەست و نەست، وروژانێک لە ناخی گوێگردا دروست دەکات.

ئەم توێژینەوەیە بە پێی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە و بۆ شیکردنەوەی موزیکی سود لە تیۆری (ژان سی لا ڕۆ–Jan.C. La Rue) و لە زمانیشدا سود لە شێوازناسی و تیۆرەکانی زمانەوانی مەعریفی وەرگیراوە. هەوڵدراوە باس لە زمان و زمانی مۆسیقا و موزیکی شڤان پەروەر بکرێت، کە گوێگرەکانی بە یەکتر بەستنەوەی دەنگی قسەکەر (زمان)، مۆسیقای زمانی، موزیک، وێنەی دەنگی و وێنەی سروشتی لە ناو هزر و ئاوەزیدا، وێنەی جۆری (Prototype)واتا و چەمکی مەعریفی لە لای گوێگر وێنا دەکات.

**وشە سەرەکییەکان**: زمانی مۆسیقا، زمانەوانی مەعریفی، لاوک و حەیران،

**پێشەکی:**

**1. ناونیشانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناوی (لاوک – بەستەی (بێژە هەڤال بێژە)ی شڤان پەروەر لە نێوان زمان و زمانی مۆسیقی و موزیکدا)دا، گرنگی بە شیکردنەوە و ڕاڤەی سرودێکی هونەرمەندی کورد شڤان پەروەر دەدات، کە چۆن بە تێکەڵ کردنی دەنگ و زمانی مۆسیقا و میۆزیک، گوتارێک پێشکەشی گوێگرەکانی دەکات، لەم ڕێگەیەشەوە بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی زمانی، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بیر و هزری هونەرمەندی ناوبراو دەکات.

**2.** ڕێبازی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە بە پێی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە و بۆ شیکردنەوەی موزیکی، سود لە تیۆری (ژان سی لا ڕۆ–Jan.C. La Rue) و لە زمانیشدا سود لە شێوازناسی و لە تیۆرەکانی زمانەوانی بە تایبەت زمانەوانی مەعریفی وەرگیراوە.

**3. سنور و کەرەستەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بە زمانی کوردی – کرمانجی ناوەڕاست نووسراوە و نمونەکانی لە تێکستی ئەدەبی سرودەکە وەرگیراون، کە بە کرمانجی ژوورووە.

**4. گرنگی توێژینەوە:** دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا گرنگی توێژینەوەکە بخەینە بەرچاو:

ا. شیکردنەوە و لێکدانەوەی نوێ بۆ بەرهەمی شاعیر.

ب. لە میانەی تێکستەکانی سرودەکە، ڕوون کردنەوەی هزر و ڕامان و فەلسەفەی شڤان پەروەر، لە ڕێگەی شرۆڤەی ئەو جوانکاری ئەدەبی و زمانییەی بەکاری هێناوە.

ج. ئاوڕێکی ڕەخنەیی بۆ زمانی بەکارهاتوو لە لای شڤان پەروەر.

**5. پرسیار و گریمانەی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیدا گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە لە ڕووکەشدا شڤان پەروەر گۆرانییەکی وتووە و تەنیا تێکستێکی سادەی بۆ مەرامێکی ڕامیاری دیاریکراو بە کار هێناوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم گۆرانییە، چەمک و واتای تریش لەخۆدەگرێت کاتێک کۆمەڵێک بابەتی تری وەک زمانی مۆسیقا، میوزیک و وێنەی زمانی تێکەڵی یەکتر دەکات. بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دراوە، ئەم لایەنانەش دیار بکرێن. جگە لەمە، لەم توێژینەوەیدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە:

زمانی هونەرمەند لە بەرهەمهێنانی دەقدا لە چ ئاستێک دایە؟

هۆی چییە کە ئەم زمانەی لە دەقەکەدا بە کار هێناوە؟

هونەرمەند جگە لە زمان، چۆن سودی لە زمانی مۆسیقا و میوزیک و دەنگ و ئاواز وەرگرتووە؟

ئەم جۆرە لە تێکەڵ کردنی زمانی و مۆسیقا و میوزیک چ کاریگەری لە سەر گوێگر هەیە؟

**6. پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە هەریەکەیان چەند تەوەرێک لە خۆیان دەگرن، بەم شێوەی خوارەوە:

بەشی یەکەم بابەتە تیۆرییەکان لە خۆی دەگرێت، لەوانەش: پێناسەی زمان و زمانی مۆسیقا و جۆرەکانی هاوبەشی زمان و مۆسیقا لە گەیاندنی پەیام، میوزیک و پەیوەندی بە زمان.

لە بەشی دووەمدا، بابەتە کارەکییەکان(پراکتییەکان) خراونەتەڕوو و بە هێنانی چەند نمونەیەک لە دێڕە شیعرییەکانی شڤان پەروەر، جگە لە شیکردنەوەی زمانی هونەری بۆ گۆرانییەکە، مەبەست و ئامانجی شاعیر لە هۆنینەوەی ئەم شیعرانە بە پێی تیۆری زمانی شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت.

لە کۆتاییدا بە چەند ئەنجامێک و دیار کردنی سەرچاوەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە دێت.

**دەروازە:**

موسیقا وەک پەرگال(سیستەم)ێکی پەیوەندی، هاوشێوەی زمانە و بە زمان دەچێت، بە تایبەت لە بابەت گەلێک، کە دەنگ جۆرێکە لە زمان، یا دیاردەکانی زمانی تا ڕادەیەک لەگەڵ دیاردە مۆسیقاییەکان هاوسەنگ و یەکسانن. موسیقا لە سەر بنەڕەتی زمان بیناکراوە، سەیرتر لەمە ئەوەیە، کە پەرگالی نووسینی نۆتی موزیک لە هێماکانی نووسین سود وەردەگرێت، بۆ پیشاندانی شێوە تایبەتەکانی ملودیک هێمای لاتینی بەکاردێت. هێماکانی نووسینی و مۆسیقا لە ڕاستیدا پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە. لە سەدەکانی ناوەڕاست پەیوەندیی مۆسیقا بە خوێندنەوەی سرودە ئایینییەکان هاتەکایەوە، مۆسیقای سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕاستیدا بە جۆرێک لە زمان هەژماردەکرا، دیاردەکانی کە بۆ ڕێنوێنی کردنی خوێنەر بە ئاواز(یا تەلاوەت) سودی لێ وەردەگیرا بە هەمان شێوەی باوی ئەمڕۆ بە سیستەمی مۆسیقی و سیستەمی هێماکانی نووسین دەهاتەکایەوە، جگە لەمەی کە شیعر زۆربەی جار حالەتی مۆسیقایی هەبوو ( Bright, 1994:280)، زمانی مۆسیقا زمانی بێزمانە و ڕاستە کە وشە نییە، بەڵام کە دەوترێت مۆسیقا خۆراکی ڕۆحە لە ڕاستیدا دەنگێکە کە مەنەلۆگێکی زمانی لە ناخی مرۆڤدا دروست دەکات.

**١.١. ناساندنی زاراوەکان:**

١.١.١. زمان: زمان وەک وشە بریتییە لەو پارچە گۆشتەی کە لە زاری مرۆڤ یا هەر گیانلەبەرێکی تردا هەیە و کاری خواردن و قوتدانی خۆراکی پێ دەکات، بەڵام وەک زاراوە پێناسەی زمان کارێکی ئاسان نییە، لە بەرئەوەی لە زۆر ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە سەیر دەکرێت هەر بوارێکی زانستی لە چوارچێوەی بابەتەکانی خۆیەوە لێی دەکۆڵێتەوە، دەروونناسەکان، کۆمەڵناسەکان، زمانناسەکان و ئەندازیاریانی دەنگ، دەیان پێناسەی جیاوازیان بۆ زمان خستۆتەڕوو، لە خوارەوە چەند پێناسەیەکی دەخەینەبەرچاو (ڕزگار، (https://zaniary.com/blog/6030f0c2e925a:

زمان پێڕەوێکی دەنگییە بۆ لە یەکتر گەیشتن بەکاردێت و بە هۆی ڕشتەی وتن بیستنەوە لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراودا کار دەکات، دەنگەکان هێمان و واتە لە خۆوە وەردەگرن.

کۆمەڵە ڕستەیەکە کە ڕێزمان دەریان دەکات (چۆمسکی).

زمان هۆیەکی ناغەریزییە تایبەتە بە مرۆڤەوە بۆ دەربرینی هەست و ئارەزوو بە کار دێت و بە هۆی هێماوە لە سەر یاسا و ڕەوشتەوە کار دەکات و لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە (ساپیر).

زمان بریتییە لە ڕەمزێکی لە خۆوە کە بە هۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێت هەرەوەزی بکات (بارک وترانکر).

زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لە خۆوەیە، کە دەتواندرێت بە کار بێت بۆ لە یەکتر تێگەشتن و پۆلێن کردنی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەر (کارل).

زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە کە هەر یەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات (کۆ زمانەوانان).

**٢.١.١. میوزیک**: (موزیکا) وشەیەکی داڕێژراوە لە (موز) و (یکا) پێکهاتووە. (یکا) لە زمانی لاتینیدا پاشگرێکە، هەمان کاری پاشگری «ی»ی کوردی دەکات. واتە، ناوی ڕێژەیی دەسازێنێت. کەواتە، تێدەگەین کە بنجی وشەکە «میوز» یان «موز»ە. (میوز) یان (موز) لە (موس)ی گریکییەوە هاتووە. موسەکان کۆمەڵێک بانوخوا بوون لە ئەفسانە و ئایینی کۆنی گریکیدا لە سروشی هونەر و زانست و وێژە بەرپرس بوون. بانوخوا، واتا خوداوەندی مێینە. ژمارەکانیان گفتوگۆی لە سەرە، بەڵام بە گشتی باوەڕ وایە، کە نۆ بانوخوا بوون. هەر یەکێک لەم موسانە لە سروشی بوارێک یان چەند بوارێک بەرپرس بوون. واتە، خودی واتای وشەی «میوزیک»ی ئینگلیزی و «موزیکا»ی لاتینی و ئیتاڵی و «موسیکا»ی ئیسپانی. واتە، ئەوەی لە موسەکانەوە هات بێت. ناوی ڕێژەیی «موس»ە (نەوا موکرجی، https://www.nawa.net/ku//).

لارۆ (Laru) پێی وایە، موزیک لە "شمرگ " (SHMRG) پێکهاتووە. شمرگ کورت کراوەی پێنج وشەیە، کە ئەمانەن: (دەنگ- Sound)، (هارمۆنی- Harmony)، (میلۆدی- Melody)، (ڕیتم- Rhythm)، (گەشەکردن- Growth) لارۆ پیتی یەکەمی هەر یەک لەم وشانەی لێکداوە و زاراوەی "شمرگ"ی لێ دروست کردوون. ئەم جۆرە پۆلێن کردنەی (لارۆ) یەکێکە لە بە ناوبانگترین میتۆدەکان لە مێژوودا بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی پێکهاتەکانی موزیک. ئەگەر تەنیا مەبەستمان شیکردنەوەی موزیک بێت لە ڕووی دەنگ و ئاوازەوە، ئەوا دەتوانین سود لەم تێڕوانینەی لارۆ وەربگرین. لە ژێر ڕۆشنایی پۆلێن کردنی شمرگ (دلشاد و ئەوانی تر، ٢٠٢٤: ٣٧)

**٣.١.١. زمانی مۆسیقا:** زمان و مۆسیقا هەردووکیان لە گرنگترین شێوەکانی سود وەرگرتنی مرۆڤن لە دەنگ (Bright, 1994:28)، زمان و مۆسیقا لە زۆر ڕووەوە لە یەک نیزیکن، گرنگترین خاڵ ئەوەیە، کە هەردوووکیان لە دەنگ سود وەردەگرن و بە جۆرێک پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە. لە هەمانکاتدا لە بەرامبەری ڕاوەستانێکی بەرچاویشیان لەگەڵ یەکتری هەیە، هەر وەک برایت دەڵێت: (واتا) و (پەیوەندی) دەکرێت لە زماندا بەکارهێنانی بەرچاوتری هەبێت، بەڵام لە ڕوانگەی مۆسیقاوە، (واتا و مۆسیقا بەکارهێنانی ناکارا تری هەیە،

هەرچەند هەبوونی دوانەیی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆک بۆ مۆسیقا و زمان بە گرنگییەوە سەیر دەکرێت (Bright, 1994:28). بە گشتی توخمەکانی مۆسیقای شیعری یان زمانی لە ڕەخنەی نوێدا بریتین لە:

١. مۆسیقای دەرەوە: لە کێشی شیعری و زمانی بە دیار دەکەوێت، ئەم لایەنەی مۆسیقای شیعرییە کە لە سەردەمی خلیل فەراهیدی دامەزراوە، پێش ئەویش لای عەرەب هەبووە. دەتوانین بڵێین: دیارترین تایبەتمەندی شیعرە و لە تەفعیلەی دووپاتی یا جیاواز دروست دەبێت یان هەمان کێشی شیعرییە.

**2. مۆسیقای ناوەوە:** بریتییە لە دوبارەکردنەوە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی (جناس، اشتقاق، تەسریع). بە هۆی ئەم بەشەی مۆسیقا دەتوانین چۆنایەتی ئاهەنگ، بە دوایەکدی هاتنی دەنگەکان دەستنیشان بکەین و دواتر بە مۆسیقای گشتی وشەکان لە دێڕ یا ڕستەکان ئاگادار بین و بەم شێوەیە چەندایەتییەکی زۆری قەبارەی ڕێکخستنی فۆڕم و وێنە و مۆسیقای شیعر بە دیار دەکەوێت (عبید، ٢٠٠١:٦١).

**3. مۆسیقای ڕۆخ یا کەناری:** بریتییە لە قافیە و ڕەدیف و عەیبەکانی، قافیە لە دووبارە بوونەوەی هەندێک لە دەنگەکان لە کۆتایی دێڕ دەردەکەوێت و ڕۆڵێکی گرنگ لە مۆسیقای شیعریدا هەیە، وەک فەواسلی مۆسیقایە، کە گوێگر چاوەڕێی دووبارە کردنەوەی دەکات (انیس، ١٩٥٢: ٢٤٤).

**4. مۆسیقای مەعنەوی:** هەماهەنگی مەعنەوی دەروونی یەک یا چەند نیو دێڕە لەوانەش: طباق، مراعات نظیر، تنسیق الصفات... هتد. ئەم ڕەهەندەی مۆسیقا لە بەرهەمی ڕەخنەگرانی عەرەب نمودێکی نییە، تا ئەوەی شفیع کدکنی هەڵیگرت و بە پێی پەیڕەوەی کردن لە علیخانی شیرازی، کە زاراوەی جناسی مەعنەوەی هێناکایەوە و زاراوەی مۆسیقای مەعنەوەی پێشنیاز کرد، کە بریتییە لە هەر جۆرە وەک یەکی و هاوسەنگ و نزیکی مەعنەوی لە شیعردا (کدکنی، ١٣٨٥:٢٩٧–٢٩٦).

ئیبن سینا مۆسیقا وەک لقێکی بیرکاری سەیر دەکرد، کە بە هاوسەنگی و نزیکایەتی (تناظر وتقارن)ی دەنگەکان خەریک دەبێت (ابن سینا، ١٩٥٦:٩) هەر بۆیە لە توێژینەوەی مۆسیقا زۆرتر بە لایەنە فراوانی و لە ڕێژەی سەدی سود لە زیادکەرەوەکانی مۆسیقا وەردەگیرێت و هەر شوێنێک کە مەجال هەبێت بە پەیوەندی واتایی و لێکدانەوەی واتاییەوە خەریک دەبن (زرین پور، نجفی، ١٣٦٩:٩٦).

**٢.١. پەیوەندیی زمان و مۆسیقا:**

**١.٢.١. زمان و مۆسیقا و ئاوێتە بوونیان:** مۆسیقا زمانی تێدایە و لە ڕاستیدا بە دوای دروست کردنی زماندا دەگەڕێت. مۆسیقا بە قووڵی تێکەڵ بە وشەکانە و پێکهاتە بنەڕەتییەکەی شیعر و گۆرانییە. بۆیە ناکرێت بوترێت مۆسیقا زمانی نییە، بەڵکو زمانی مۆسیقا زمانێکی

بێوشەیە و لەم بێوشەییەشدا وتەیەکی تایبەت شاراوەتەوە و زۆرجار بە دوای دۆزینەوەی ئەو وتە شاراوەیەدا دەگەڕێین.

مۆسیقا لە دوو زمان پێکدێت: یەکەم زمانی نائاگا و دووەم: زمانی بە ئاگایی یا هۆشیاری. پەرەسەندنی مۆسیقا لە زمانی نائاگاییەوە دەگوازرێتەوە بۆ زمانی بە ئاگایی و هۆشیاری. خاڵێکی تر کە مۆسیقا زمانە، هەروەها جۆرێکە لە مۆنۆلۆگ، هەموو مرۆڤێک خاوەنی لە خۆ پرسین یان لەگەڵ خۆ قسەکردنە و لەگەڵ جیهانەکەیدا پەیوەندی و هاوسەنگی دەکات. بۆیە زمانی مرۆڤ بە نۆرەی خۆی مۆسیقا دەئافرێنێت و ملکەچی توخمە مۆسیقییەکانە ئەو توخمانەی زمان پێکدەهێنن وشەن و وشەکانیش خاوەنی فەرهەنگن و هەم مۆسیقای تایبەتیان هەیە. وشەکان دەنگە کەرتییەکانن و هەم دەنگی ئاوازەدارن. خودی بزوێنەکان بە دەنگی نەبزوێن هەژمار دەکرێن، وەک ڕۆحی بزوێنەکان ناویان دێت. هیچ نیشانەیەک بەبێ زمان نییە و هەموو زمانێک خاوەنی مۆسیقا و ڕیتم و دەنگێکە، کە ڕوونکەرەوەی خولقێنەری و بەرهەمداری زمانەکەیە. وشەکان پێکەوە دێڕ دروست دەکەن و دێڕەکان بابەتەکان دروست دەکەن و کتێبێک لە کۆی بابەتەکانەوە دروست دەبێت. بۆیە لە زماندا جۆرێک لە پۆلیفۆنیک (فرە دەنگی) هەیە، کە هەمیشە دەکرێت کەسێک و ئەوانی تریش لە دەقدا بێت.

**٢.٢.١. پەیوەندیی زمان و مۆسیقا و کولتوور:** پەیوەندییەکی فرەلایەنە لە نێوان مۆسیقا و زماندا هەیە و یەکێک لەو پەیوەندییانە هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا و سروشتە، کە ئەم پەیوەندییانە قووڵتر دەکاتەوە. زمان توخمێکی ئامادەکەرە بە ئاراستەی پەیوەندی و دیالۆگ و پەیوەندیمان لەگەڵ جیهانی ناوەوە و دەرەوەدا دادەمەزرێنێت. زمان دوو جۆر دیالۆگ نیشان دەدات: یەکێکیان دیالۆگێکی دوولایەنەیە، کە مرۆڤ لەگەڵ جۆری خۆی دایدەمەزرێنێت و لایەنەکەی تریش دیالۆگی فرەلایەنە، کە تیایدا هەمان مرۆڤ جگە لەوەی پەیوەندی لەگەڵ جۆری خۆی، پەیوەندی لەگەڵ بوونەوەرەکانی تر و سروشت دروست دەکات. بۆیە جۆری پەیوەندی کردنەکە دەتوانێت گشتگیر بێت. هەر بۆیە هەموو زمانێک کولتوور بنیات دەنێت و کولتوور پڕە لە مۆسیقا. هەر کۆمەڵگایەک کولتوورێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ڕەوشت و ئەدگارەکانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە (هدسون، ١٩٨٧:١٣٧)، کولتوور بریتییە لە "زانینی وەرگیراو لە ناو کۆمەڵ" (فوزی العطیه، ٣٩) و ڕەنگدانەوەی مرۆڤ و نەتەوەیە و پەیوەندی لەگەڵ زمان پەیوەندی بەش و گشتە. واتە، کولتوور بەشێکە لە زمان (دزەیی، ٢٠١٠:٨٣) کاتێک کەسێک قسە دەکات، لە ڕاستیدا چەمکە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خۆی و لە ناو خۆیدا دادەنێت و بە هەمان شێوە، باقی گەردوونیش لەم دیالۆگەدا هاوبەشن. زمان موزیک لەخۆدەگرێت، چونکە وشە و چەمکەکان جۆرێک لە "پێکەوە ژیان"یان هەیە و لە ڕاستیدا بە هاوکاری یەکتر خەریکی جۆرێک لە داهێنانێکی فیکری – هونەری یان داهێنانێکی تر دەبن. لێرەشدا وشەکان یارمەتی یەکتر دەدەن لە دروست کردنی خودی خۆیاندا.

مۆسیقا هەواڵ داهێنەری ژیانێک و مردنێکە لە مێژوودا. پەیام هێنەرێکی دیاردە و ڕووداوەکانی مێژووە. پەیامەکە دیتێرمینیزمی کۆمەڵایەتی و نەریتییە. کەواتە، خاوەنی درکپێکردنی هاوبەش و تێگەیشتنی هاوبەشە لەگەڵ زمان. بۆ نموونە: کاتێک خوێنەرێک شیعرێک دەخوێنێتەوە، لە ڕاستیدا مۆسیقای هەمان شیعر دەژەنێت. ژەنین خاوەنی هاوواتای کۆن و قووڵە وەک: دڵدانەوە، ئارام کردنەوە، ناز کردن، پشکنین، نەوازش کردن، بە نەوا دەرهێنان و ژەنینی ئامێرێک. کەس لە حال و هەوا و وەلای مۆسیقا و زمان و ڕەفتاری مۆسیقا نازانێت و تێناگات، جگە لە گۆرانیبێژ و خودی مۆسیقاژەن، کە لە ڕاستیدا دروستکەری ئەو پارچەیە (عابدی پاپی /sherepaak.com/257089).

**٣.٢.١. پەیوەندیی زمان و مۆسیقا بە خودی مرۆڤەوە**: موزیک دەتوانێت دەنگێکی ئاوازدار و تێگەیشتنی گۆرانی باڵندەیەک بێت، کە هەڵگری پەیامێک هاوشێوەی زمان بێت، یان دەتوانێت دەنگی کەسێکی تووڕە یان ئارام بێت، کە بیەوێت لەم بارودۆخانەدا پەیامی خۆی بە کۆمەڵگا بناسێنێت. مۆسیقا لە دایک بوونێکی بێدەنگ نییە، بەڵکو لە دایک بوونێکە، کە دەنگەکان شێوە پێکهاتەیەکیان پێدەدات، تاوەکو پەیامی هونەری و جوانیناسی خۆیان پیشانی جیهان بدەن. زمانی مۆسیقا زمانی حال و هەوای هونەری مرۆڤە، بەڵام خودی زمانی مرۆڤ نییە و لێکچوونێکی فریکوێنسی لەگەڵ زمانی گۆرانیبێژ خۆیدا هەیە. کاتێک گۆرانیبێژ گۆرانییەک بە بابەتێکی تایبەتەوە دەڵێت، لە ڕاستیدا مۆسیقاژەن هەمان دەنگی گۆرانی لە دەزگای درکپێکردن و تێگەیشتنی خۆی دەنگی گۆرانییەکە دەگۆڕێت بۆ زمانێکی دیکە، کە من پێی دەڵێم "زمانی بێزمان". (عابدین پاپی) زمانی بێزمان جۆرێکە لە زمان، کە بەبێزمان قسە دەکات و ئامێر و کەرەستەکانی بۆ نومایشت کردنی زمان خۆی مۆسیقایە نەک زمانی کەسێک یان شتێکی تر و ئەگەر بڕیار بێت زمانی کەسێک یان شتێکی تر بژەنرێت، ئەوا لە ڕاستیدا ئەوە مۆسیقاژەنە کە بە شێوەی نەوازیشی و خۆشەویستی و ناز کردن، سۆزداری و ناسکی دەیژەنێت. هەر نیشانەیەک پڕە لە مۆسیقا و لە ڕاستیدا کێش و ڕیتم و دەنگی ئاوازدار لە خۆیەوە سەرریژ دەکات، بەڵام ئەم سەرڕێژییە پێویستی بە دۆزەرەوەیەک هەیە. بۆیە زمانی مۆسیقا بوونی هەیە، بەڵام ئەم بوونە پێویستی بە هەبوونی دۆزەرەوەیەک هەیە. هەموو شتێک لە جیهانی ئێمەدا مومکینە و مۆسیقاش "جیهانی مومکین و ئیمکانە". بە مەرجێک کە گەریدەکە بتوانێت ئەم مومکینە بدۆزێتەوە. ( https://sherepaak.com/257089/ عابدی پاپی(آرام) )

**٣.١. دیدی کۆکێر بۆ خاڵە هاوبەشەکانی زمان و مۆسیقا: لەم ناوەدا هەوڵەکانی کۆکێر** بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵە هاوبەشەکانی زمان و مۆسیقا بووە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە زمانناسی سەدەی بیستەمدا، بە تایبەت کە زاراوەی ڕۆنانی (Structures) بۆ بەکارهێنا، فۆنیم و مۆرفیم یەکەکانی ڕۆنانی زمان و ڕێزمان، لەم ڕوانگەیەوە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، ئەمانە کۆمەڵێک یەکە دەخەنە بەردەستی زمانناسان، کە دەتوانێت ئامادە و پۆلێنیان بکات. هەوڵدان بۆ

دۆزینەوەی فۆرمێکی هاوشێوە کە بکرێت پێوان یا کۆدەنگی وەک سیستەمی زمانی – دەنگی ڕێزمانی مۆسیقا بێت زەحمەتە و کارێکی ئەستەمە. ((مۆسیقاناسی دەکرێت لە پێناسەی یەکەکانی خۆی سست بێت، بەڵام سەرسورهێنەرترین پێشکەوتنەکان لەم بارەیەوە بە شێوەی تایبەت، هاوتەریبی و هاوبەشی نێوان مۆسیقا و زمان دیار دەکات و پێوەرەکانی مۆسیقا لەگەڵ فۆنیم و مۆرفیم کە لە چەمکە زمانییەکانن دەخەنە بەردەمان.(Bright, 1994:29 )

کۆکێر هەوڵیدا بە دابەش کردنی پەیامەکانی، کە دەکرێت هاوسەنگ بکرێن لەگەڵ زمانناسی، ئامێرێک کە ئاهەنگساز سودی لێوەردەگرێت مانای تێدا بەرجەستە بکات، ئەو چەمکەی کە کۆکێر باسی دەکات دەکرێت لە ڕەهەندی زمانی لەگەڵ ڕایەکانی ئۆستین بپێوین، لە ڕوانگەی ئەو تیۆرەی بە (کردەی قسەیی) دەناسرێت، بە تایبەت ئەگەر ئاماژە بە (کردەی دربڕین- Locutionary act، کردەی مەبەست- illocutionary act و کردەی پاشکار) بکەین، کە کار تێکردن یا کاریگەری وایە، کە کوکر هەوڵ دەدات لە بابەت مۆسیقاوە ڕوونی بکاتەوە، ئۆستین دەیوت، زمان سەرووترە لە کۆمەڵێک هێما. بە سەرەنجدان لە کردەی قسەیی، دەتوانرێت لە کەتواردا گۆڕانکاری حەقیقی دروست بکات. مۆسیقاش وەک کردەی قسەیی ڕاگەیاندنی دەتوانێت جیهانی دەرەوە بگۆڕێت. ئەگەرچی ئاهەنگساز لەوانەیە مەبەستی دروست کردنی کار تێکردنی خۆشی یا بێزاری بێت لە گوێگردا. بەڵام کار تێکردنی تەواوی و واقعی کردەی کاریگەری یا پاشکاری مۆسیقا بە تەواوی پەیوەستە بە پاشخان و دەوروبەرەوە (لاسکویچ، https://maktabsaba.com/content/508).

**2. لاوک – بەستەی (بێژە هەڤال بێژە)ی شڤان پەروەر لە نێوان زمان و زمانی مۆسیقی و موزیکدا**

**١.٢ کەسایەتی زمانی و مۆسیقایی شڤان پەروەر:** ئیسماعیل ئایگۆن أ(شڤان پەروەر) خەڵکی گوندی سوری سەر بە قەزای سوروجی پارێزگای ئورفای باکووری کوردستانە و لەم ناوچەیە لە دایک بووە، شێوەزاری قسە کردنی سەر بە دیالێکتی خۆرئاوای کرمانجی ژوورو بووە، ئەم ناوچەیە لە ڕووی گۆرانی و هونەرەوە بە تایبەت لە بواری فۆلکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندە، جگە لەمە تایبەتمەندی ناوچەیی و بنەماڵەیی کاریگەرییەکی زۆری لە سەر شڤان پەروەر هەبووە و لە منداڵیدا بەهرەی گۆرانی وتنی هەبێت و بە بنەماڵە دەنگبێژ بوونە، کە قوتابی قۆناغی شەشەمی سەرەتایی بووە لە شاری ئورفا بۆ یەکەم جار چووەتە سەر ستەیج و گۆرانی گوتووە.

لە ڕووی زمانەوانییەوە شێوازی قسەکردنە ناوچەی ئورفا سەر بە زاری کرمانجی و لە ڕووی شێوەزار سەر بە خۆرئاوایە، شێوە ئاخاوتنی خەڵکی ئورفا جۆرە تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە ڕووی دەنگی و لە ڕووی ئاهەنگ و ئاوازەوە سازکارە بۆ دروست کردنی مێلۆدی، بە تایبەت کە لە هەندێک کەرستە زمانییەکانەوە ڕێچکە شکێنی دەکات و زمان بەرەوە ئاسان بوون

دەبات لە ڕووی درکاندن و دربڕینەوە، بۆ نمونە لە شێوە ئاخاوتنی ئورفادا دیاردەی گەردانکردن – تەواندن(inflection)ی ناودا دەنگی /ا/ لە هەندێک دۆخدا بە /ێ/ دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

١. دەو برێ مێستە.(دوو برای ماستە) – Dew birê mêst e. (mast )

٢. ئەو ژ وەلێت هاتییە.(ئەو لە وەڵات هاتووە) – Ew ji welêt hatiye. (welat)

٣. موی ل سەر زمێن هات. (مو لە سەر زمان هات) Mû li ser zimên hat. (ziman)

هەروەها زۆر جار ئام ناوانە بەم شێوەی خوارەوە گەردان دەکرێن:

ئوسمان= ئوسمێن ئازاد= ئازێد نان= نێن سەرما= سەرمێ

هەروەها لە شێوە ئاخاوتنی عەفرینیدا زۆر دەنگ لە کاتی ئاخاوتندا دەسوێن و نامینن، ئەمەش بۆ دروست کردنی مۆسیقای دەرەوەی زمان کاریگەرە، هەر لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی شڤان پەروەر، کە دەکرێت ئاماژە پێ بکەین، ئەوەیە کە زمانی گۆرانی زمانەکە، سادە و ئاسانە بۆ تێگەیشتن و بە شێوەیەک کە بە شێوازی (ئاسان– نەگوتراو یا سهل و الممتنع) ناسراوە.

### ٢.٢. تایبەتمەندیی تێکستی (لاوک – حەیران)ەکە:

ئەم گۆرانییە لە ساڵی ١٩٩٥ بەرهەم هاتووە، لە ناو ئەلبومی (یا سەتار) جێی گرتووە، تێکست و ئاواز لە لایەن شڤان پەروەر دانراوە، ئورکێستیرایەکە لە لایەن میوزیکژەن د. دلشاد سەعید ئامادە کراوە، گۆرانییەکە ٨ خولەک و ٢٨ چرکەیە.

تێکستی ئەم گۆرانییە، لە سەر کێشی (بڕگەیی، پەنجەیی، خۆماڵی) کوردی داڕێژراوە، هەرچەندە دەکرێت وەک پەخشانێکی سەرواداریش سەیر بکرێت، کێشی بڕگەیی، کە کێشێکی ڕەسەنی کوردییە و لە سەر بنەمای ژمارەی بڕگەی لەتەدێڕ هاتووە و زۆربەی هەڵبەستی فۆلکلۆری هەرە زۆری هەڵبەستی میللی کوردی بەم کێشە نووسراوە، بە زمانێکی سادە و ئاسان، کە هەموو کەس تێی بگات، نەک کۆمەڵێکی دەستەبژێر (نخبە) نووسراوە، وشەکانی هەموو کوردی پەتین و بە پێی توانا هەڵبەستوان خۆی لە بەکارهێنانی وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی قورس دوور دەخاتەوە. واتە، وشە و دەستەواژە و ڕستەکان کورت و پەتی و پوخت و ڕەسەن و بێگرێ و گۆڵن و واتایان ئاشکرا و دیارە هەڵبەستوان بە پێی توانا خۆی لە هونەرە ڕەوانبێژییە لاسایکەرەوەکان (تەقلیدییەکان) لا دەدات و بە دوای لێکچواندن و خوازە و هونەری جوانکاری تازەدا دەگەڕێت. خەم خواردن بۆ دیمەنە جەرگبڕەکان وەکو کوشتن، سوتان، ئاوارەبوون، کیمیاباران، ئەسیر کردن، بەند کردن، خیانەت کردن... هتد. تیایدا بەشی زۆری داگیر کردووە... تاکێتی (زاتییەت) و باس کردنی دەرد و ئازاری تایبەتی و خۆ دوورخستنەوە لە بابەت و هەست و سۆزی گشتی و عەوداڵ بوون بە دوا ئەو دیاردانەی کار لە دەروونی دەکەن، خۆشی پێ دەبەخشی یان ئازاری دەدەن و لە ئەنجامدا تووشی گەشبینی یان ڕەشبینی دەکەن، لەو بابەتانەی کە لە تێکستەکەدا بەرچاو دەکەون.

## 3.2. مۆسیقای زمانی لاوک و بەستەی (بێژە هەڤاڵ بێژە):

**١.٣.٢.مۆسیقای دەرەوە:** باس لە مۆسیقای دەرەوە دەکرێت مەبەست لێی کێشی شیعرییە، هەروەک شفیع کەدکەنی دەڵێت: ((مەبەست لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر، لایەنە عەروزی و کێشی شیعرە کە لە سەر هەموو ئەو شیعرانەی کە لە یەک کێشدا هۆنراون دەکرێت بگونجێت)(کەدکەنی، 391:1373). شیعری کوردی، بە گشتی دوو بەشە: فۆلکلۆری و نووسراوە. فۆلکلۆرییەکان بە شێوەی بەیت و هەڵبەست و گۆرانی... هەمویان لە سەر کێشی بڕگەیین. شیعرە نووسراوەکانیش لە هەوەڵەوە بە شێوەی بڕگەیی بوون، دواتر بە شێوەی عەروزی و کێشی ئازاد بە دیار کەوتن. لە گۆرانییەکەی شڤان پەروەردا، کێشی شیعری بە شێوەی بڕگەییە، بەڵام هەر جارەو بە کێشەک هۆنراوە و هەندێک جاریش وەک پەخشانێکی سەروادار بە دیار دەکەوێت. هەر لەم هۆنراوەیەدا کێشی حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی و دە بڕگەیی... هتد بە دیار دەکەوێت، وەک لەم نمونەی خوارەوە.

### 1.1.3.2. حەفت بڕگەیی:

کەلا دلێ دایکان
ئاخینا بووک و کەچان

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کە | لا | د | لێ | دا | ی | کان |
| ئا | خی | نا | بوو | ک و | کە | چان |

### 2.1.3.2. هەشت بڕگەیی

وا هۆزانۆ تەمبورڤانۆ
کا دێ سترانکێ بێژە لۆ

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وا | هۆ | زا | نۆ | تەم | بور | ڤا | نۆ |
| کا | دێ | ست | ران | کێ | بێ | ژە | لۆ |

### 3.1.3.2. دە بڕگەیی:

سەرمایێ، برچی بونێ، تالانێ
هێڤی وەنداکرنێ، دۆزبەردانێ
بێژە هەڤال بێژە سترانکێ بێژە

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەر | ما | یێ | بر | چی | بو | نێ | تا | لا | نێ |
| هێ | ڤی | وەن | ک | ر | نێ | دوز | بەر | دا | نێ |

### 4.1.3.2. پەخشانی سەروادار:

لەگەڵ ئەم کێشانەی لە سەرەوەدا باس کران، لە ناوەرۆکدا حالەتی مەنەلۆگ هەیە، زیاتر وەک ئاخاوتنێکی سەروادار یا هەستەوەرییە، کە پابەند نییە بە کێش و سەروایەوە. بەڵام پێکەوە هاتن یا هاونشینی کاریگەری وشەکان لە سەر بنەڕەتی هۆکارگەلێکی جیاواز لەوانەش مۆسیقا دروست دەبێت، مۆسیقا چوارچێوە یا قالبێکە بە مەبەستی بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە مەرجی گونجاندنیان لەم چوارچێوەیەدا هەیە. بەم شێوەیە، هەر وشەیەک لە هەر جۆرە نەزمێکی مۆسیقایی شوێنی نییە. کەواتە، کێش و ئاهەنگی لە پێشدا دیاری کراو، دەستنیشانی ئەوە دەکات، کام وشە لە ئاستی هاونشینی دەتوانێت لە سەرەتا، ناوەڕاست یا کۆتایی بێت و چەند بەرامبەر کاریگەر بێت. ئەگەر چی داڕێژەری دەقی هونەری لە هەڵبژاردنی وشەکان و بەکارهێنانی مۆسیقای زمان ئازادترە لە شاعیر و ناچار بە پاراستنی کێشێکی تایبەت نییە تا کۆتایی بەرهەمەکە. هەندێک جار نووسەر ئێخسیری پەیڤی ناچاری دەبێت و خۆی ناچار بە دروست کردنی جۆرە ڕستەیەکی هاوسەنگ و گونجاو دەکات لەگەڵ مۆسیقا و دەربڕینەکان و واتایەک دروست دەکات، کە بە گوێرەی دربڕین و مۆسیقا بێت و ببێتە هۆی پێکهاتنی دەق یان ناوەرۆکێکی ئەو دەقانەی پەخشان، کە نیازی ئەوەیان هەیە وەک شیعر بن. هەوڵیان داوە تەواوی ئەو شتەی، کە ناتوانن لە کێشی عەروزی دا هەبن لە خۆیان بگرن، لەم قالبەدا هەرچی دەوترێت نابێت لە شیعر جیای بکەینەوە و ئەو قالبانەی کە بۆ شیعر دروستکراون نابێت لە بەرچاویان نەگرین، لەوانەش شەتحیاتی سۆفییەکان، هەندێک لە دەقی هونەری و مەسنوع (عباسی و حصاری، ١٣٩٥:١١٥-١٣٦).

**٢.٣.٢. مۆسیقای مەعنەوی:** مەبەست لە مۆسیقای مەعنەوی کۆمەڵە جوانکارییەکانی وشەیی دەگرێتەوە، لەوانەش: (جۆرەکانی دژیەک، تیهەڵکێش، لێوەرگرتن، دواخستن... هتد)یە. (کدکنی، ١٣٨٥: ٢٩٦) لەم گۆرانییەدا زۆر بابەتی لەم شێوەیە بەکارهاتووە، لە خوارەوەدا ئاماژە بە بەشێکیان دەکەین:

**١.٢.٣.٢.دژیەکی:** کۆکردنەوەی دوو وشەیە، کە لە ڕووی واتاوە دژ و پێچەوانەی یەک بن (عبداللە، ٧٨:٢٠١٢). لەم گۆرانییەدا کۆمەڵێک دژیەکی فەرهەنگی و نافەرهەنگی دەبینرێت، وەک:

فەرهەنگی: نەیار - هەڤاڵ، ملیتان – کرۆجی، پێشمەرگە - جاش.

نافەرهەنگی: دکن - ناکن، بو ئازادی یێ - دژی ئازادی یێ.

**٢.٢.٣.٢. چاولەیەک (مراعات نظیر)**: بریتییە لە بە یەکەوە هاتنی دوو شت یا زیاتر کە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندی بە یەکەوە گونجان و هاوچەشنییە (عبدالله، ١١٩:٢٠٠٣). نمونە لەم لاوکەدا: خال و خوارزێ، ئاپ و برازێ (باهۆز، مۆران، تۆزان و سور و پێسی یێ بەفرێ).

**٣.٢.٣.٢. جوانی بایس (حسن التعلیل):** ئەدیب بە ئاشکرا یان بە نهێنی هۆی زانراوی شتێک پشتگوێ بخات و هۆیەکی ئەدەبی جوانی بۆ شتەکە بێنیتەوە، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی مەبەستیەتی (عبدالله، ١٠٨: ٢٠١٢). لەم گۆرانییەدا:

بەرایا چیا چەندێ خوەشە
ڕوویێ وان سپی و ئازادە
لێ ژێرا وان گرتی یە تژی خرابییە.

**٤.٢.٣.٢. کۆکردنەوە (الجمع):** کۆکردنەوەی دوو شت یان زیاتر لە ژێر بەیداخی بڕیارێکەوە:

جودی سیپان و ئاگری
بویە وار کارا لەز و بەزا مە

**٥.٢.٣.٢. لێککردنەوە (التفریق):** پێچەوانەی کۆکردنەوەیە، وەک لەم نمونەیەدا:

ما تو دزانی بەسەرێ مەدا چ هاتییە لۆ..
برازێ بویە ملیتان، مام بویە کوروجی
خال بویە پێشمەرگە، خوارزێ بویە جاش
لۆ تو دبینی کورد چەکان ددن سینگێ هەڤ
ب هەڤرا بوونە نەیار و قەلاش

**٣.٣.٢. مۆسیقای ناوەوە:** دەکەوێتە ناو چوارچێوەی جوانکاریی وشەیی لە زماندا و هەندێک بابەتی وەک (جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی، پاتکردنەوە، لێوەرگرتن، تێکەڵکێش... هتد لە خۆی دەگرێت (اکبر زادە، ٥٢:١٣٨٩).

**١.٣.٣.٢. ڕەگەزدۆزی:** بریتییە لە بوونی دوو وشە لە دەربڕیندا لێکچوو بن و لە واتادا جیاواز بن. لێرەدا ئاماژە بە دوو جۆریان دەکەین (عبدالله، ١٥:٢٠١٢).

٢.٣.٣.١.١. ڕەگەزدۆزی تەواو، نمونە:

ما کی ژ شەڕی را حەز دکە برا
برا ڕوویی شەڕی ڕەش بە

(برا) لە یەکەم دێڕ بە واتای برا و دۆستە، بەڵام (بڕا)ی دێڕی دووەم بە واتای با یان دەبا، دێت.

٢.٣.٣.١.٢. ڕەگەزدۆزی ناتەواو: نمونە:

جودی سیپان بۆیە کارا لەز و بەزا مە
بلا ژ کەلا دلێ دایکان

لێرەدا (لەز و بەز) و (بلا و کەلا) ڕەگەزدۆزی ناتەواون.

**٢.٣.٣.٢. پاتکردنەوە:** بریتییە لەوەی شاعیر وشەیەک، دەستەواژەیەک، ڕستەیەک بێنێت و چەند جارێک پاتی بکاتەوە (ادریس، 50:2012)، وەک لەم نمونانەی خوارەوە لە گۆرانییەکەدا:

بێژە هەڤال بێژە
حەکیمۆ حەکیمێ سەرحەدێ
رەف ب رەف ولات بەردان
زمانێ کوردی جوان جوان دئاخێڤن.

**٣.٣.٣.٢. تێلنیشان (تلمیح):** بریتییە لە ئاماژەدانی شاعیر بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، فەرموودەیەک، پەندێکی پێشینیان، ڕووداوێکی مێژوویی، داستان، بەسەرهات... هتد (عبدالله، 137:2012).

زارۆکان دگوتن دایێ بێهنا سێڤا تێ          ئاماژەدان بە کیمیابارانی هەڵەبجە
یان ل سەحراێێن عەرەبستانێ یان ل زیندانێن بەغدایێ مرن   ئاماژەدان بە ئەنفال
ولاتێ مە ل مە بویە زیندان برا
زیندانەک چار دەری ل بەر هەر دەرییەکی زەبانییەک سەکنییە.       ئاماژە بە ئایەتی ژمارە 6 لە سوڕەتی التحریم (ملائكة غلاظ شداد).

**٤.٣.٢. مۆسیقای کەناری:** سەرواداری مۆسیقای کەناری دروست دەکات، هەروەها قافیە و ڕەدیف و عەیبەکانیان، قافیە لە ئەنجامی دوپات بوونەوەی ژمارەیەک دەنگ یا پیت لە کۆتایی دێڕەکان دێتەئاراوە و ڕۆڵێکی گرنگی لە مۆسیقای شیعردا هەیە (هەرچەند ڕێژەی پیتی هاوبەشی سەروا زیاتر بێت، هەستی مۆسیقا و لە ئاکامدا، هەستی چێژوەرگرتن زیاتر دەبێت) (شفیعی کدکنی، :1384 68).

**١.٤.٣.٢. دووسەروا (التشریع):** بریتییە لە بوونی دوو سەروا لە یەک کاتدا بۆ هۆنراوەیەک (عبدالله، 74:2012)، وەک لەم نمونەیەدا:

وا هۆزانۆ تەمبورڤانۆ          نۆ(سەروا)     (ۆ) ڕەوی     (ن) پاش ڕەوی
کا دێ سترانەکێ بێژە لۆ     لۆ(سەروا)     (ۆ) رەوی     (ل) پاش ڕەوی

**٢.٤.٣.٢.سەروای موتەوازی (التسجیع المتوازی):** جۆرێکە لە سەروا، کە وشەکۆتاییەکانی ڕستە یان لەتەدێڕی پیتەکانیان بە قەد یەک بێت یان زۆربەشیان یان هەندێکیان لێک جیاواز بن، بەڵام لە سەر یەک کێش بن و یەک سەرواشیان هەبێت (ادریس، 82:2012)، وەک:

پاشای عوسمانیان          (نیان)
ئێریڤانا ئەرمەنیان          (نیان)
سەرمایێ، برچی بوونێ، تالانێ     (انێ)
هێڤی وەنداکرنێ، دۆزبەردانێ     (انێ)

## ٤.٢. زمانی میوزیکی لاوک بەستەی (بێژە هەڤاڵ بێژە):

گۆرانییەکە شێوازێکی درامی وەرگرتووە، ئەمەش وا دەکات وەکو گۆرانییەکی تەقلیدی هەژمار نەکرێت، چونکە زیاتر لە مەقامێک و زیاتر لە ڕیتمێک دەبیسترێت، کە ڕەنگە هونەرمەند بە مەبەستی ئەوەی بابەتی گۆرانییەکە، کە باس کردنە لە کۆمەڵێک بابەتی جیاوازی وەکو (مێژوو، نەتەوە، کۆمەڵایەتی، سیاسی، نیشتیمانپەروەری،... هتد) لەخۆدەگرێت. بۆ دەربڕین لە هەموو حاڵەتە جیاوازەکان پێویست دەکات شێوەی گۆرانییەکە وا بێت.

لە لایەکی دیکە هونەرمەند دەیەوێت ئاماژە بەو هەوراز و نشێو و هەڵبەز و دابەزەی بە درێژایی مێژوو هاتۆتە ڕێی نەتەوەی کورد بدات. کە وایکردووە تاکی کورد هەمیشە لە ناسەقامگیرییەکی بەردەوامی دەروونیدا بژیت. بۆیە سترانبێژ پشتی بە جۆراوجۆری لە مەقام و ڕیتم بەستووە. چونکە وەک دەزانین هەر سکێڵە و هەر ڕیتمێک دەربڕی بارێکی دەروونی دیاریکراوە. لە دەستپێکی گۆرانییەکەدا گوێمان لە مەقامی (کورد) لە چینە دەنگی (ڕێ) دەبێت، بەڵام هەر زوو دەگۆڕێت بۆ مەقامی (نەهاوەند) بە هەمان شێوە لە چینە دەنگی (ڕێ)یەوە تا کۆتاییش بەستەکە هەر بە مەقامی نەهاوەند بەردەوام دەبێت. لە ڕووی ڕیتمەوە کێشی بەستەکە ٤/٤ واتا چوار لە سەر چوارە. لە درێژەی گۆرانییەکە چەندین جار مەقام و ڕیتم دەگۆڕێن بە شێوەیەک هەندێک ڕستە بە شێوەی لاوک بە دەنگێکی دوور لە باکگراوندی گۆرانییەکەدا دەوترێن، کە پێکهاتووە لە دوو لاوک لە سەر مەقامی بەیات دێنە بەر گوێ، لاوکی یەکەم کە بە ناوی لاوکی حەکیمۆوە دێت لە سەر چینە دەنگی (ڕێ) دەوترێت، دواتر لە سەر چینە دەنگی (سۆڵ) دەوترێت. بەڵام لە پێشەوە بە دەنگێکی نزیکتر، کە بە ڕستەیەکی موزیکی لە سەر مەقامی نەهاوەندە باڵی بە سەر گۆرانییەکەدا کێشاوە، بۆئەوەی لە کۆی کارەکە گوێگر تووشی داڕوخان نەبێت و لە ڕێگەی ئەو گەشبینی و ژیاندۆستییەی لە مەقامی نەهاوەندا هەیە هەست بە بەرەوامی ژیان بکرێت.

وەک باسمان کرد، کارەکە زیاترە لە گۆرانییەک، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە جگە لە میلۆدی زۆر پەیڤ و پەخشانی هاوتەریب لەگەڵ میلۆدی و ڕیتمدا گوێبیست دەبین، کە لەو پەخشانەدا باسێکی وردی مێژووی کورد و کۆمەڵێک هۆزی کورد و قۆناغەکانی چەوسانەوە و ئاوارەبوون لە کۆتا بڕگەی گۆرانییەکەدا باسی برا کوژیش دەکرێت. بەڵام زۆر وەستایانە لووتکەی چەوسانەوەی کورد لە خولەکی (٥)ەمدا، باس لە کارەساتی هەڵەبجە دەکات. لەو کاتەدا چەند ڕستەیەکی پێکەوە تێکەڵ کردووە، کە ڕەنگە لە ڕووی زانستی موزیکەوە تەبا نەبن، بەڵام پێ دەچێت، ئەمەش بە مەبەست کرابێت بۆ نیشاندانی ئەو دۆخە ناهەموارەی خەڵکی هەڵەبجە لەو کاتەدا تێیکەوتوون. لە کۆتایی گۆرانییەکەدا هونەرمەند نایەوێت گوێگر بە هەستێکی داڕوخاو بەجێ بهێڵێت، بۆیە زۆر زیرەکانە گەشبینی دەکاتە دوا چرکەی بەرهەمەکە و دەڵێت بەرخودان ژیانە. ئەمە جگە لەوەی لە نێوان قۆناغێک و قۆناغێکی تری بە ڕستەیەک دەڵێت بێژە هەڤاڵ بێژە، کە بە مەقامی بەیات بە تامی ئای ئای گەرمیان دەڵێتەوە، ڕەنگە وەکو ئاماژەیەک بۆ ئەنفالی

گەرمیان ئەم ڕستەیەی دانابێت. لە ڕووی دەروونییشەوە ئەم ڕستەیەی کردووە بە سەربەندی گۆرانییەکە، دەیەوێت بڵێت: گوتن بەردەوامی ژیانە، چونکە وەک لە بابەتەکە دیارە باسی ژیانی دەنگبێژێک دەکات، کە تەنیا خۆی و سازەکەی لە سەر چیایەکی داپۆشراو بە تەمومژ و بەفر و کرێوە دەژی، کە ڕەنگە باس لە ژیانی پێشمەرگایەتی بکات.

هونەرمەند زۆر زیرەکانە باس لە سروشتی چیاکانی کوردستان دەکات، وەک تابلۆیەک وێنەکەمان بۆ دەکێشێت. بەڵام لە هەمان کاتدا باسی سەختی ژیانی پێشمەرگە دەکات، کە لە پێناوی ئازادییدا ئەشکەوت بووە بە ماڵی. جگە لە دوژمن بەفر و باران و دڕندەی کێوی مەترسییەکی تریان لە سەر ژیانی دروست دەکات. لە ڕووی کولتوورییەوە هونەرمەند چەند لاوکێکی لە باکگراوند بە کار هێناوە، لاوکی (حەکیمۆ، مالا بابێ من مالا مێرانە، ئەی فۆڕات... هتد). چەند پارچەیەکی تر، کە دەیەوێت ئەو لاوکانەمان پێ بناسێنێت، لەو ڕێگەیەوە ئەو غەمگینییە قوڵەی هەمیشە لە ناخی هەموو کوردێکدا دەنگ دەداتەوە بۆ بەرجەستە بکات. لە ڕووی تێک هەڵکێشی شێوازە جیاوازەکانی موزیکدا هەوڵی داوە سود لە موزیکی کلاسیک، مۆدێرن فۆلکلۆر و چەندین شێوازی تر وەربگرێت. لە دوا قۆناغدا، باس لە براکوژی دەکات، کە ڕەنگە ئەویش مەبەستی پەند وەرگرتن بێت، تا هەرگیز سەرکردە و سیاسییە کوردەکان ئەو هەڵە کوشندەیە دووبارە نەکەنەوە. بەڵام دیسان دوای ئەوەش ئومێدی هەیە، کە نەتەوەی کورد لە ژێر هیچ زەبر و زەنگێک و  بارودۆخێکدا کۆتایی نایەت و بەرخودان بە تاکە ڕێگای ئازادی و سەرکەوتن دادەنێت.

### ٢.١.٤. لاوک

(لاوک، گاگالک، لاژە، لاڤە، لاوژە) دەگەڕێتەوە بۆ سەر کرداری لاواندنەوە، بە واتای پێدا هەڵگوتن یان گۆرانی بۆ ئارام کردنەوە و هێور کردنەوە. لاوکیش هەموو ئەو ناوچە کوردنشینانە دەگرێتەوە، کە ئاخاوتنیان بە شێوازی کرمانجی باکوورە (حمەباقی، ٢٠٠٢ل١٤).

وشەی لاوک: لە ڕووی مۆرفۆلۆژیای زمانەوە ساغ کردنەوەی دەوێت. وشەی لاو، واتە، خورت، لاو، گەنج، تۆلاز وەرگیرا بێت، چونکە لاوەکان لە ڕووداوەکاندا نەبەردی و خۆڕاگری و جوامێری دەنوێنن (خۆشناو، ٢٠١٥، ٢٥). لاوک هونەرێکی تایبەتە بە میللەتی کورد. مامۆستا جەلال مەلا حەسەن خۆشناو لە دیمانەیەکیدا بەم شێوەیە وەسفی لاوک دەکات، دەڵێت " لاوک دەنگی چیایە، دەنگی کۆمەڵگای کوردەوارییە. لاوک سەرهەڵدان و بەرخودان و کارەسات و ڕووداوە مێژوییەکانی گەلی کوردی ستەم دیدە وەک شریتێکی سینەمایی نیشان دەدا و ناحەزانی میللەتەکەی ڕیسوا دەکات. لاوک سەربردە و ئازایەتی و سوارچاکیی ڕۆڵە نەبەردەکانی ئەم میللەتە تۆمار دەکات. لاوک ئەو ئاوازەیە کە هەردەم ڕووی لە بەرزایی دەکات و هۆگری دوند و لوتکەی شاخە سەرکەشەکانی کوردستان وەک پشت و پەنا سەنگەر و چەپەر  بێت لە ڕووی ڕووبەڕووو بوونەوەی دوژمنان و داگیرکەران" (حسن، ٢٠١٠.٣٩). لاوک لە لای مامۆستا جەلال

مەلا حسن ئەوەند جۆرە لەخۆدەگریت: (سیاسی، مێژووی، شەروشۆر، سوارچاکی، ئەڤینی، قارەمانیەتی، غەریبی، پەیمان و وەفایی، پیاهەڵدانەوە، تالآنکردن).


ئەسعەد عەدۆ له کتێبی (لاوک، حەیران) هۆنراوەی میللی له فۆلکلۆری کوردیدا، باس دەکات و دەڵێت" سەر و سەربوردەی نەتەوەی کورد لە دێر زەمانەوە نەنووسراوەتەوە، بەڵکو لە سەر زاری لاوکبێژان دەماودەم ماوەتەوە، بە سەر ئازایی و جوامێران و خۆبەختکەراندا هەڵدەڵێت، تین لە ئامادەبووان دەدا بۆ تۆڵەکردنەوە، هەروەها زوڵم و زۆرداریی نامرۆڤانەی دوژمنانی خاک و نەتەوە دەستنیشان دەکات. هانی شۆرەسوار و سوارچاکانی کورد دەدات، ئازا و چاونەترس بن بەرانبەر ئەو پەلامار و فەرمانانەی دژی نەتەوەی کورد ئەنجام دەدرێت (عەدۆ، ۲۰۰۸، ۱٦).

**۲.٤.۲. بەستە**

بەستە یان پەستە دەناسرێت، بەستەش بە هەموو ئەو سترانانە دەوترێت، کە ڕیتمدارن. واتا کێش و سەروای هەیە، بە هاوکاری ئامێری موزیک دێتە گۆتن. ئەو کەسانەی بەستە دروست دەکەن، بەستەکارن، بەهرەی تایبەتیان هەیە، بەستەش بە هاوشانی هۆنراوە و ڕیتم و موزیک دێتە گۆتن (عبدال، ۲۰۲۰۱٥۱).

**۳.٤.۲. مەقام کورد**

سکێڵی کورد هەمان نێوانی دۆریکۆی گریکی کون سکێلی فریجۆی کریستیانییەکانی هەیە، وەکو باوە بە شێوەیێکی گشتی تۆنیکای لە واتە دووگا دەستپێدەکات. بە شێوەیەکی گشتی ئەم مەقامە نزیکە لە مەقام بەیات. ڕەچەڵەکی ئەم مەقامە بۆ نەتەوەی کورد دەگەرێتەوە. یەکێکە لە مەقامە تایبەتەکانی نێو دنیای مەقامات (عسکری، ٤٤. ۲۰۱۸).




**۲.٤.٤.مەقام نەهاوەند**

یەکێکە لە مەقامە ڕۆژهەڵاتییەکانە، کە بە مەقامێکی پڕ سۆز و پڕ لە هەست ناسراوە. تایبەتمەندییەکانی ئەو مەقامە بۆ نەتەوەی عەرەب دەگەرێتەوە. لە موزیکی ڕۆژئاوایی بە مەقامێکی لاوەکی هەژمار دەکرێت. دەستپێکی مەقامی نەهاوەند لە سەر دەنگی (دۆ) دەست پێ

دەکات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم مەقامە لە نێو گۆرانییە درێژەکان بە کار دێت، بە تایبەت موەشحاتی ئەندەلوسی، یان قەسیدە دوورودرێژەکان، گێڕانەوەی داستان و چیرۆکە مێژووییەکان (اسکندری، ٢٠٠٦:٣٧).




له

دەکرێت. واتا، لە دوای مقامی ڕاست دێت. ئەم مقامە دوو لایەن لەخۆدەگرێت، هەندێک جار شادی بەخشە و هەندێک جاریش مقامێکی سۆزدار و خەمناکە. مقامی بەیات زۆر جار لە پلەی دەنگی (ڕێ) گرەوە دەست پێ دەکات، لە پلەی دەنگی (ڕێ) بەرزەوە بە کۆتا دێت (حسانین، ٢٠١٥).

ڕەگەزی ڕەگەزی نەهاوەند ڕەگەزی ڕاست





### 5.2. پەیوەندیی زمان و میوزیکی لاوک بەستەکە:

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەمری و ڕەمزی مانەوەی سرودەکانی شڤان پەروەر و کاریگەر بوونی، سەرکەوتنی شڤان پەروەرە لە دروست کردنی کەش و مەودای مۆسیقای گونجاو لەگەڵ زمانی قسە کردن و شیعرەکانی، لەوەی کە سرودخوێن توانیویەتی بە هەڵبژاردنی کۆمەڵێک لە سەرنج ڕاکێشترین قافیەی هاوسەنگ و یەکسان بە کەشێکی خەمباری وشە و گوزارەکانی و بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی جوانکاری و ڕەوانبێژی و بابەتگەلی تری پەیوەست بە مۆسیقا و هەروەها لە هەڵبژاردنی میوزیکی هەوتەریب لە سەر کاریگەر بوونی زمانی خۆی زیاد کردووە (مسبوق، بهار، ١٣٩٢:٢٥٦). هەستە غەمناکەکانی، شێوەی گشتی لاواندنەکانی داپۆشیوە. واتا، خەیال و وشە شیعرییەکانی و هاوکات نەوای میوزیکی ڕەنگدانەوەی ئەم هەستە ڕاستەقینەن. لە سرودەکانیدا گەرما و سۆزێکی تێدایە، کە گریان سنورێک ناناسێت وناڵە و

لاواندنەوە کۆتایی نییە. میوزیک وەک زمان وەکو شیعر و وێنە و هونەرەجوانەکانی تر پیشاندەری ڕووە جیاوازەکانی ژیانە، وەک خەم، شادی، ئومێد، ناکامی، ئەشق و ئەڤین، هەژارەی و بەدبەختی، شکست و سەرکەوتن... هتد. لەم لایەنەوە مۆسیقا زمانی هەست و وەرگێڕانی دڵە (مراغی، ١٣٥٦:١٣).

### 6.2 دروست کردنی زمانی مەعریفی لاوک – بەستەکە:

شڤان پەروەر بە هۆی ئەو کارامەییە زمانی و کولتوورییە دەوڵەمەندەی هەیەتی، لەم گۆرانییەدا لە یەک کاتدا هەشت ئاستی جیاوازی میوزیک و مۆسیقا و وێنە و زمانی تێکەڵ کردووە، بە شێوەیەک، لە لایەک دەنگی لاوکبێژ، دەنگ و نەبرەی خودی گۆرانیبێژ و لە لایەک دەنگی میوزیک و ئۆرکێسترا و لە لایەکی تریش دەنگی سروشتی (با و باهۆز) و وێنەی شاخ و کێو، لە یەک کاتدا کۆ بکاتەوە و وەک کردەیەکی قسەیی ئاوێتەیی، هزری، وێنەیی پێشکەش بکات بە سود وەرگرتن لە کەلەپووری نەتەوەی بە هەموو کەرەستەی زمان و بابەتی ئەدەبییەوە توانیویەتی بەرهەمی وا کە گیانی نەتەوە و نەتەوایەتی و نیشتمانی تێدایە بدرەوشێتەوە. هەرووەک لەم هێڵکارییەدا نمایش کراوە:




بابەتێکی تر لە سەر زمان و زمانی مۆسیقا و میوزیکی شڤان پەروەر، بابەتی ئایدۆلۆژیایە لە شیکردنەوەی دەقە زمانی و میوزیکییەکانیدا، ئایدۆلۆژی لە وتاردا ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بە تایبەت لە زمانی کەسێک کە بە هۆی ئایدۆلۆژییەوە ئاوارە بووە و بۆتە وەرگری خەڵاتی باشترین سرودخوێنی سیاسی، لە پێناسەی ئایدۆلۆژیدا پێناسەی مایکل فریدن (Michael Freeden) لە ئینسکلۆپیدیای فەلسەفەی ڕۆتلێجدا پێشکەشی کردووە، دەتوانین وەک پێناسەیەکی تاڕادەیەک

سادە بۆ چەمکی ئایدۆلۆژیا هەژمار بکەین، کە دەڵێت: ئایدۆلۆژیا بریتییە لە کۆمەڵێک بیر و باوەڕ و هەڵوێستی هۆشیارانە یان نائاگا، کە تێڕوانین و تێڕوانینە هەڵەکانمان بۆ جیهانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە قاڵب دەدەن. "ئایدۆلۆژیا کاریگەری لە سەر حوکمەکان، ڕەفتارەکان، بڕیارەکان و پێشنیازەکان هەیە." زمانی شڤان پەروەر دەرخەری ئایدۆلۆژیایەتی، ئەم ئایدۆلۆژیایە لە سەر کۆمەڵی کوردی بە شێوەیەک ڕوخسارێکی لۆژیکی و سروشتی وەرگرتووە، کە گوتاری هێز هەر لە دەستیدا ماوە و بەم گواستنەوەی هزری کەسی خۆی لە چوارچێوەی گوتاری زمانیدا، سەرکەوتوو بووە، لە کاریگەری خستنەسەر هزری لایەنی بەرامبەر کە گوێگرە. هەروەک ئاماژەمان پێ کرد، لە گواستنەوەی بیر و هزرەکان لە چوارچێوەی گوتاری زمانیدا، پەیوەندیی تاک و کۆمەڵایەتی فراوان دەبێت. زمان و بە تایبەت نیشانە زمانییەکان، لە گواستنەوەی هزر لە پەیوەندیی مرۆڤەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، ئەم بابەتە گرنگی زمانی لە سیاسەتدا دەردەخات، زمان وەک سیستەمێکی ئاخاوتنی لە بەکارهێنانی هێما و لە بابەتی سیمبۆلیکدا، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، زاراوە و وشەی سیاسی تەنیا کەتواری سیاسی دەوروبەری خۆی پیشان نادات، بەڵکو لە بنیادنانی جیهان لە هزردا کاریگەری هەیە، لەبەر ئەوەی کار لە سەر شێوازی بیرکردنەوەمان دەکەن و و دیدی ئێمە بۆ بابەتی سیاسی پێکدەهێنن. بە هەر شێوەیەک لە سیاسەتدا زمان زیاترە لەوەی کە وەک ئامێرێکی پەیوەندی سەیر بکرێت، زمان بە چەکێکی سیاسی هەژمار دەکرێت (معینی، 103:1378). پەروەر لەم چوارچێوەیەدا بە گوتاری خۆی توانیویەتی ئامانجەکانی خۆی بپێکێت لە پێگەیاندنی کەسی خوێنەر و گوێگرەکەی. یەکێک لە چەمکە هەرە گرنگەکانی خەباتی نەتەوەییمان لە پاڵ شۆڕش و بەرخودانە بەردەوامەکانمان، بریتییە لە و سرود و گۆرانییە هەست بزوێنانەی کە وەک گوتارێک، هیچیان لە زرمەی تۆپ و دەنگی فیشەکی تفەنگی دەستی پێشمەرگە کەمتر نەبووە، بەوەی ئەگەر بە هۆی گوتاری سیاسی و ئایدۆلۆژیای زمانی ورەی دوژمن داتەپاندرا بێت، ئەوا ئەو گۆرانییە نیشتمانی و شۆڕشگێرییانە لە سەر کوڵمەکاندا قەتارەیان بە کاروانی فرمێسکان بەستووە، لە هەمان کاتیشدا هێندە وزە و ورەیان پێ بەخشیوین، کە ئامادەی هەموو جۆرە فیداکارییەک بین و هەر لەو پێناوەشدا دەبینین، ب ەهۆی گۆرانییە نیشتمانییەکانی شڤان پەروەر هەزاران تاکی کورد توشی گرتن و ئازاردان و ئەشکەنجە و شەهید بوون کردووە.

**ئەنجام:**

لە دوو تۆی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. زمانی شیعری هونەرمەند لە ڕووکەشدا بە شێوەی هۆنراوەیە، بەڵام دەکرێت بە پەخشانێکی سەرواداریش هەژمار بکرێت، چونکە زمانێکی سادە و ئاسانە، بەڵام لە جۆرێکە لە شێوازی نووسیندا بە (ئاسانی نەگوتراو- سهل و ممتنع) ناسراوە.

2. ئەم جۆرە زمانە بۆیە هونەرمەند بە کاری هێناوە، تاوەکو پەیامەکانی بە ئاسانی ئاراستەی گوێگرەکانی بکات و وەک کردەییەکی قسەیی کاریگەری لە سەریان هەبێت.

3. هونەرمەند جگە لە زمان، بۆ ئاراستەکردنی پەیامەکانی سودی لە تێکەڵکێش کردنی مۆسیقای زمانی و میوزیک وەرگرتووە، هەروەها نەبرەی دەنگی خودی هونەرمەند و دەنگە سروشتییەکانی کە لە دەقە مۆسیقاییەکەدا هەن پێکەوە تابلۆیەکی زمانی هونەری جوانی دروست کردووە.

4. ئەم جۆرە تێکەڵ کردنەی زمان، ئاواز، دەنگی هونەرمەند، ئۆرکێسترا، دەنگی لاوکبێژ، مۆسیقای زمانی، میوزیک، دەنگی سروشتی با و کرێوە، وێنەی سروشتی شاخ و کێو پێکەوە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر گوێگر هەیە و جگە لە بیستنی دەیباتە ناو زانستێکی قوڵی زمانی مەعریفییەوە بە شێوەیەک، کە دەبێتە هۆی دروست کردنی سیمانتیکی مەعریفی لە لای گوێگر، بە تایبەت لە بنیادنانی نمونەی جۆری (Prototype) و پێش نمونە (Sterotype) لە ئاوەزی گوێگردا.

**سەرچاوەکان:**


عماد بشرا اسکندری، (٢٠٠٦)، *استخدام التعليم الالكتروني في تدريس مادة تحليل الموسقي العربية*. كلية التربية، جامعة منصور، مصر.

ابن سینا، ، (١٩٥٦)، *الشفا* تحقيق زكريا يوسف، القاهره، نشر وزاره التربيهٌ والتعليم – المطبعهٌ الاميريه.

إبراهيم أنيس، (١٩٥٢)، *موسيقى الشعر*، مصر، مكتبه أنجلو، الطبعه الثانيه.

محمد علی اکبرزاده، (١٣٨٩)، *نگاهی به موسیقی غزل چشمهای زمین*، مجله رشد آموزش زبان و ادبیات فارسی، ویژه ادبیات معاصر و انقلاب، زمستان.

فوزی العطيه، *المدخل الى دراسه علم النفس الاجتماعيه* كليه الاداب جامعه البغداد بدون سنه.

شهروز جمالی1383، تکرار، *ماهنامەی کیهان فرهنگی*، شماره 216.

مەلا جەلال حسن، (٢٠١٢)، *چلاواز*. چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری. هەولێر.

محمد حمە باقی، (٢٠٠٢)، *مێژووی مۆسیقای کوردی*. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە : هەولێر.

عامر محمد حسانين، (٢٠١٥)، *سمات الأساليب المختلفة لأداء الأذان في دولتي مصر و الكويت دراسة تحليلية*. مجلة بحوث التربية النوعية، جامعة منصور، مصر.

مجید خۆشناو،(٢٠١٥)، سەربردەو ڕوداوی مێژووی لە لاوکەکانی کاوێس ئاغادا چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

عبدالواحد مشیر دزەیی، (٢٠١٠)، ڕۆڵی پراگماتیک لە وەرگێڕانی لێکدانەوەییدا، گۆ*ڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان*، زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە ٤٤، لا ٧٥–٩٢)

ڕەوەند کمال دڵشاد، ئیحسان شاكر زلزل، دڵشاد موستەفا ڕەحیم، (٢٠٢٤)، شێوازی دابەشکردنی موزیک لە گۆرانی دانراوی کوردیدا لە شاری سلێمانی، *گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین*،Vol(11).No(4).

داوود زرین پور، سیدرضا سلیمان زاده نجفی، (١٣٦٩)، نقد موسیقایی لامیه الترک و لامیه الکرد، *مجله زبان و ادبیات عربی*(مجله ادبیات و علوم انسانی سابق)(علمی-پژوهشی)، شماره شانزدهم- بهار و تابستان.

محمد رضا شفیعی کدکنی، (١٣٧٣). *موسیقی شعر*، تهران، آگاه، چاپ چهارم.

حبیب الله عباسی، حجت کجانی حصاری، (١٣٩٥)، نقش موسیقی در گزینش واژگان نفثة المصدور، *فصلنامه زبان و ادبیات فارسی*، سال ٢٤، شماره ٨٠، بهار و تابستان.

بێکەس عبدال نوری، (٢٠٢٠)، *ئەوێن موترب و چەنگێن کوردان*. سنه، مادیار چاپی یەکەم.

سمیر احمد عسکری، (٢٠١٨)، *سلوب ناظم الغزالي في أداء البناء اللحني للمقامات المتنوعة في غناء الفلكلور العراقي*. جامعة منصور.

هێمن موکریانی، (٢٠٠٣)، *بارگەی یاران*. هەولێر، دەسگای ئاراس.

جهانگیر معینی و دیگران(1378)، *گفتمان و تحلیل گفتمانی*، انتشارات فرهنگ گفتمان.

هدسون، ١٩٨٧، *علم اللغه الاجتماعی*، ترجمه د. محمود عبدالغنی عیاد، مراجعه و تقدیم د. عبدالامیر الاعسم، الطبعت الاولی، دار الشون الثقافیه البغداد.

Bright, William. *Laguage and Music*: Areas for Cooperation, New York, Routledge, 1994 & Classen, C. Howes, D Synntt, A. Aroma, London.

https://zaniary.com/blog/6030f0c2e925a٢/٢٠/٢٠٢١،(ڕزگار)

نەوا موکرجی، ٢٠٢٤/١٢/٩ (https://www.nawa.net/ku/%D9%84%DB%8E

عابدی پاپی(آرام) /https://sherepaak.com/257089

موسیقی به مثابه زبان، https://maktabsaba.com/content/508

نوشته: زاخار لاسکویچ Zachar Laskewicz نقدی ساختارگرا و نشانه شناسانه بر مطالعه موسیقی ترجمه: محمد صادق قیصری

. https://partipedia.org/ku/articles

**الملخص:** الأغنية الشعبية "بێژە هەڤال بێژە" (قل يا رفيق قل) لشڤان پەروەر في العلاقة بين اللغة ولغة الموسيقى والموسيقى

الموسيقى واللغة كوجهين لعملة واحدة يكملان بعضهما البعض في تلك الظاهرة التي تُسمى الحياة، والحياة بجميع أوجهها مرتبطة باللغة والموسيقى، سواء أكانت الحياة الطبيعية أم حياة الإنسان والكائنات الحية. الموسيقى كنظام تواصل، مشابهة للغة وتسير مع اللغة، خاصة في كثير من الموضوعات حيث الصوت نوع من اللغة، أو أن ظواهر اللغة متوازنة ومتشابهة إلى حد ما مع الظواهر الموسيقية. الموسيقى نفسها مبنية على أساس الصوت، لذلك اللغة والموسيقى موضوع متجانس ومترابط، في هذا البحث حاولنا

أن نوضح هذه العلاقة بنموذج مقام الفنان الكردي (شڤان پەروەر) كيف تخلق الموسيقى بالتوازي مع اللغة تأثيراً روحياً وفكرياً ومعقداً في باطن الإنسان، أو بنفس الطريقة التي يوجد بها الفعل الكلامي في اللغة ويوجهه المتكلم نحو المستمع، بنفس الطريقة يمكن القول أن هناك فعلاً موسيقياً وبالتوازي مع اللغة يخلق إحساساً ونبضاً وإثارة في باطن المستمع.
أُنجز هذا البحث وفقاً للمنهج الوصفي التحليلي، ولتحليل الموسيقى استُفيد من نظرية (جان سي لا رو Jan.C. La Rue)وفي اللغة أيضاً استُفيد من الأسلوبية ونظريات اللسانيات المعرفية. حاولنا أن نتحدث عن اللغة ولغة الموسيقى وموسيقى شڤان پەروەر التي تربط المستمعين بالترابط الصوتي للمتكلم (اللغة)، موسيقى اللغة، الموسيقى، الصورة الصوتية والصورة الطبيعية في الفكر والذاكرة، صورة النموذج الأولي (Prototype)للمعنى والمفهوم المعرفي لدى المستمع.
الكلمات المفتاحية: لغة الموسيقى، اللسانيات المعرفية، لاوك وحەيران

---

[i]. ئیسماعیل ئایگۆن: (شڤان پەروەر) لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٥٥ لە گوندی سوری سەر بە قەزای سوروجی پارێزگای ئۆرفای باکووری کوردستان لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە ئۆرفا خوێندووە، بەشی ماتماتیکی لە زانکۆی ئەنقەرە خوێندووە، هاوسەرگیری لەگەڵ خانمە گۆرانیبێژ گولستان پەروەر کردووە.
لە تەمەنی منداڵی دەستی بە گۆرانی گووتن کردووە، کە قوتابی قۆناغی شەشەمی سەرەتایی بووە لە شاری ئۆرفا بۆ یەکەم جار چووەتە سەر ستەیج و گۆرانی گوتووە، دواتر لە قۆناغی زانکۆش لە شاری ئەنقەرە بەردەوام بووە لە گۆرانی گووتن، ساڵی ١٩٧٥ نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر شڤان پەروەر و هانی داوە کەوا گۆرانی شۆڕشگێڕی بۆ بەرز کردنەوەی ورەی پێشمەرگە و خەڵکی باشووری کوردستان بڵێت. هونەری تورکی و گۆرانی گووتن بە زمانی تورکی بە لای منەوە کولتوور و ڕەسەنایەتی فرۆشتن و خیانەت بوو لە نەتەوەکەم، بۆیە ڕەتم کردەوە بە تورکی گۆرانی بڵێم. ساڵی ١٩٧٦ شڤان پەروەر وڵاتی تورکیای جێهێشتووە و کۆچی بۆ وڵاتی ئەڵمانیا کردووە، لەو وڵاتە نیشتەجێ بووە، یەکەم ئەلبومی گۆرانی خۆی بە فەرمی لەوێ تۆمار کرد. شڤان پەروەر زیاتر لە سی ئەلبوم و کلیپ و فیلمی دیکۆمێنتاری بەرهەمهێناوە، چەندین کتێبی نووسیون و چەندین بڵاوکراوەی تری بڵاوکردووەتەوە، شڤان پەروەر ماوەی زیاتر لە چڵ ساڵە خەریکی کاری هونەری گۆرانی وتنە، چەندین دکتۆرای فەخری و خەڵاتی میوزیکی جیهانی وەرگرتووە، شیعرەکانی شاعیری گەورەی کورد جگەرخوێن شعری گۆرانییەکانی بوونە، چونکە جگەرخوێن یەکێکە لە شاعیرە مەزنەکانی کورد، شیعرەکانی نەتەوەیی و ناسراو بوون، شڤان پەروەر لە لایەن جگەرخوێنی شاعر بە پارێزەری کولتوور و مێژووی کورد دادەنرا https://partipedia.org/ku/articles .٨/ ٢٠٢٥/١ .پەروەر د ساڵا 2004 و ل ئەڵمانیایێ ڕێکخراوا کولتوریی نێڤ نەتەتەویی یا شڤان پەروەر دامەزراند. هەر دوێ ساڵێدە و ل ساڵا 2004 د ئەلبوما (من بێریا تە کریە) ، خەلاتا گرنگترین موزیکا فڕەنسا ل پشکا موزیکا جیهانیدە بدەست خوەڤە ئینا.